# بینین



دڵکەش قادر

ئێوارەیەک دەچینەوە نێو شادومانییە کورتخایەنەکان
شادومانی درۆیەکی حیکایەتبێژانی دوای سەعات دوانزەی شەوە
شەو بێداربوونەوەی شاعیرانە بەتامی ڕۆمانسییەت و
ڕاگرتنی خەزان
ڕۆمانسیبوون ئەو درۆیە نازداریە کە بێداری شەو دەکاتە ئەژدیهایەکی شیرین
خەڵوەتی من
ئەوساتەیە کە دەچمەوە نا ئینجانەکانی غەمگینی و بۆنی میسک و عەمبەر دەڕژێنم
دەچینەوە سەر ڕەگەزەکانی بوخوورد و
میلی کاتژمێری تەمەن شێدار دەکەین
ختووکەی ئێوارە لە گۆرانییەکی غەمگیندا دەکەین بە مووناجاتێک لە کاڵبوونەوە
ئێوارە لە سەر زمانی منداڵێ نووقمی سەما دەکەین
لە خۆم دایدەبڕم
ئەدا لە زمانی شاعیران وەردەگرمەوە
لە جێی هەر گوڵێیەک ژێی کەمانێ دەکەم بە مایسترۆی شەڕ
لە هەر جێنزرگەیەک
میلۆدییەکی غەمگین دەکەم بە دار العسای خەیاڵ و
خەون دەکەم بە مایسترۆی بینین.
لە سەر ستەیجی شانۆ ئیجرای هەموو ئەوانە دەشێوێنم

که دەچنەوە سەر ڕەگەزی چاوی شین
لە بڵندگۆی مزگەوتەوە هاوار دەکەم
شاردا هی خەیاڵی ئەوانەیە کە لە خەونەوە دەچنەوە سەر نزا
نزا تووڕەیە
خەتا دڵی شکاوە
تۆ بە دەستێک
سڵاو بکە و
بە دەستێک خەتا لە دڵشکانی نزا بپارێزە.

سلێمانیی
دڵکەش قادر